کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 16:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڤیدیۆ سێکسیە کوردیەکان لەخەیاڵەوە بۆ ڕاستێکی چاوەڕوان نەکراو ... هەورامان علی تۆفیق



ڕۆژگارێك ئەگەر باس لە فیلمی سێکسی بکرایە ئەوە لە بیانی یەوە بگرە تا تورکی و هندی و عەرەبی و هتد.. باسی لێوە دەرکراو لەبازاڕەکاندا بوونیان هەبوو.. ئەوەی نامۆبوو یا لەخەیاڵدا نەبوو ئەوەبوو کە فیلمی سێکسی کوردی هەبێت.. ئەگەر ئەمەش بەواتایی فێلم نایەت چونکە جیاوازی لەنێوان فیلم و کورتە برگەی ڤیدیۆیی هەیەکە بەشێوەیەکی تاکە کەسی گیراوە و هەندێ جاریش کەسی دووەم لێیان بێ ئاگایە. لەم دوایانەداو دەتوانم بڵێم دوای ئاشنابوونی کەسایەتی کورد بەتەکنەلۆژیا و دونیای کۆپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و چوونە نێو ئەو ئاکارە قوڵە بێ بنەوە بەبێ ئەوەی پێش وەختێکی ئامادەکراوی زانستی وسەردەمیانەی ڕاست و دروست بۆ کەسایەتی کورد هەبێت لەم بارەیەوە.. کە ئامۆژگاری و ڕێنمایی چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕادەیی سودلێ وەرگرتنی و ئەو زیان و دەرەنجامانەی کە کارێگەری خراپ و نەگەتیڤیان بۆ سەر کەسایەتی دەبێت ئەگەر بەشێوەیکی هەڵە بەکاربهێنرێت و دەتوانرێ دژی مرۆڤایەتیش کاری پێبکرێت.. بێگومان ئەم شێوە کاریگەریانە نەك تەنها لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاری خراپ و پێچەوانەیان هەبووە بگرە هەموو کۆمەڵگایەك کەم تازۆر لەکاریگەریە سلبیەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە زەرەرمەند بووە گرفتی جۆراو جۆریشی دروست کردووە ئەویش بەڕێژەیەکی دیاریکراو کە پەیوەندی بە باری تێگەیشتن و کاری ئەو کۆمەڵگایەوە هەبووە. ئەمڕۆ خەریکە بەشێوەیەکی زۆر دیارو بەرچاو لەزۆربەی سایتە بیانیەکاندا (kurdishe sex) و بەزمانی کوردی و کچ وکوڕی کورد بەبێ ئەوەی بزانن ئەم شێوە دیاردەیە تاچەند دەبێتە ئاکارێکی خراپ و ڕێگایەك بۆ هەڵدێری ئەو کۆمەڵگایە و لادانی لەڕەوتی ئاسی خۆیی و هەنگاونانی چەواشەبوو و فیرودانی کەسایەتی کورد و سوکایەتی پێکردنی و سوکایەتی کردن بەئافرەتی کوردە.. لەماوەیەکی کەم و لەو چەند ساڵانەی دوایدا ئەم شێوە کورتە ڤیدیۆ سێکسیانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبووندان و لەزۆربەی سایتە عەربیەکاندا و لەسایتە ناودارە بیانیەکانیش دا ئەو ڤیدیۆ تۆمارکراوانە بڵاودەبنەوە و بەخێرایی تەشەنە دەکەن.. بێ گومان ئەم شێوە کەسایەتیە و ئەم شێوە ڕەفتارانە بوونیا هەمیشە هەبووە بەدیار نەکەوتن و بڵاونەبوونەوەیان پەیوەندی بەکەمی تەکنەلۆژیاو نەشارەزایی و دابڕان لەو دونیایە و هەندێك لەو داب و نەریتە کوردەواریەی کە ڕێگرەو بەری ئەم شێوە هەنگاوانەی گرتووە.. بەلێ نەپرسینەوەو دەست بەکارنەبوونی دەزگا پەیوەندی دارەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیەو سزادانی ئەوانەی ئەم شێوە کارانە دەکەن و ڕسواکردنیان هۆکارێکە بۆ زیاد بونیان، دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کەم تەخەمی و لێنەپرسینەوەو گوێ نەدانە ئەم شێوە دیاردانە و ڕێگا خۆش کردن بۆیان ئەویش شێوەیەکە لەشێوەکانی گەندەلێ و پێویستە کاری بۆ بکرێت.. ئەمڕۆ خەریکە وەك کۆمەڵگا عەرەبیەکان ئەو دەرگایەمان بۆ دەکرێتەوە و وەك ئەوان لەدەستمان دەردەچێت و ناتوانین دەستی بەسەر دابگرین.. چارەسەر پێویستە بەشێوەیەکی زانستینە و سەردەمیانە بێت بێ گومان ئەوە بنبڕناکرێت بەلام دەتوانین نەیەلین تەشەنەبکات و لەئاستێکدا ڕابگیرێت.. خۆئەگەر باس لەئازادی مرۆڤ و ڕەفتارو خواستەکانی بکەین و ڕێگا بەخۆمان نەدین ئەو ڕێگایەیان لێ بگرین کە بەناوی ئازادی ژیان و مرۆڤایەتی و پێشکەوتن و ئازادی بۆ خواستەکانی مرۆڤ و دواتر ئازادی جنسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەشێوەیەك بەرقەرار بێت، بەبێ هیچ زانست و ڕۆشنبیریەتی پێویست و ڕووبەڕووبوونەوەی هەمووئەو گرفتە كۆمەڵایەتیانەی كە تووشی كۆمەڵگایەكی وەك كۆمەڵگای كوردی دەبێت.. ئەگەر ڕۆشنبیریەتی جنسی و چۆنیەتی لێك نزیك بوونەوەی و كارپێكردنی پێویستی بەگۆڕانێكی فكری و دەورونی هەیە كە ئاستەمە ئێمە بتوانین لێ نزیك بینەوە... لەلایەكی دی تەسك كردنەوەی ڕێگای بەرچاوی گەنجی كورد و نەبوونی ئازادی خۆشەویستی ڕۆحی و بوونی ئەوكۆسپ و گرفتە كۆمەڵایەتیانەی كە هەمیشە ڕێگربوون لەوەی كە كوڕو كچ بەو ئازادیە هاوڕێیەتی یەك بكەن و خۆشەویستی و ئازادی كەسیەتی لەو سنورەیی كە لادانی پێوە بەدی نەكرێت و تووشی هەڵەیان نەكات و ڕەفتاری لەم شێوەیەی لێ دروست نەبێت.. ئازادی جنسی بەبێ هیچ سنوورێك كارەساتێكە كۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون وفەوتاندن دەبات، لەنێو كۆمەڵگا پێشكەوتووەكانیش دا مەترسی لەم دیاردەیە بەدیاركەوتووە و پێش بینی ئەوە دەكەن لەوە زیاتر ئازادی جنسی كارەساتی مرۆڤایەتی دروست دەكات و بەرەو فەوتانی دەبات بەشێوەیەك كە شیرازەی مرۆڤایەتی و كەسیەتی هەڵدەوەشێنێ و بوونی خێزان و پەیوەندیە ئاسایەكانی مرۆڤایەتی نایەڵێت.. بەڵام هەندێ یاسای ئازادی و كەسیەتی ئەوڕێگایەنادەن كە بەربەست بكرێت و ئەو ئازادیەلەسنورێك دایە، واتە لەوشوێنەی خۆتدا بەبێ هیچ سنورێك ولەچوارچێوەی یاسادا بۆت هەیە و ئازادی تەواوت هەیە.. بەڵام كاتێك لە شوێنە گشتی یەكاندا و هەندێ شوێنی دی ئەم ئازادیە بەوشێوەیە بەدیار ناكەوێت و بۆت نیە ئەوكارە جنسیە ئەنجام بدەیت.. یا ئەو كارە بەشێوەی دەست درێژی بێت یا كەسی دووەم ڕایی نەبێت ئەوانە سزایی تایبەتی خۆیان هەیە تەنانەت لەنێوان هاوسەرانیشدا.. دیاردەی وێنەگرتنی كارە جنسیەكان و دواتر بڵاوكردنەوەی بەزۆر شێوەی جیاواز دیاردەیەكی جیهانیەو یەكێكە لەو گرفتانەی كەدەستی بەسەر داناگیرێت و بە دیاردەیەك دەژمێردرێت كە دژبە كەسایەتی ئافرەتە و دەبێتە سوكایەتی پێكردنی و لەهەندێ كاتیشدا بۆ بازرگانی پێوە كردنی ئەو كارە دەكرێت و بەخۆیی بوەتە بازاڕێگی گەرم و سەروەت و سامانێكی گەورەیی پێوە پەیدادەكرێت و ئەمەش وای كردوە دەست درێژی و بەزۆر ئەنجام دانی ئەم كارەش دەیان هەزرا ڕوودای دڵتەزێنی لێ بكەوێتەوە..

ئەم گرفتە لەكۆمەڵگا عەرەبیەكاندا زۆر بەشێوەیەكی بەرچاو پەرەی سەندووە و بەردەوامیش لەزیاد بوندایە و ئەوەی سەیرە واخەریكە كۆمەڵگای كوردیش دەكەوێتە ئەو مەیدانەو و خەریكە ئەو نەخۆشیەش ئێمە دەگرێتەوە. كاتێك لەو چەند ڤیدیۆ سێكسیە كوردیانە ووردەبیتەوە دەبینی كە زۆر بەیان خواستی هەردوولا، واتە ئافرەتەكانیش لەو وێنە گرتنە بەئاگان.. بەڵام ئایا بەئاگان لەوەی كە بڵاو دەبێتەوە بە هەموو جیهاندا و بەردەست هەموو كەسێك دەكەوێت.. ؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش تەنها بەخۆیان دەتوانن وەڵام بەنەوە. ئەو بڕگە ڤیدیۆیانە هەولێرو سلێمانی و كەركوك لێی بێ بەش نەبوون و لەنێو ماڵ و سەیارە دا گیراون كەسەكانیش زۆر بەجوانی خۆیان نیشان دەدەن و تەنانەت ناوەكانیشیان دەهێنرێت.. لێرەدا كەس ڕێگا لەوەناگرێت كەكاری جنسی و حەزو ئارەزووەكان مرۆڤ بەربەست بكات و هەموو كەس ئازادە.. بەڵام دروست كردنی دیاردەیەك و سوكایەتی كردن بەئافرەتی كورد و ناشیرین كردنی كۆمەڵگایەك و شێواندنی جوانیەكانی و ڕوونانە بەرەو لادان و نامۆبوون.. كە ئەمەش دەبێتەوەبایەك و لەو چاولێگەری و سەیركردنی یەكترەوە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو كورتە ڤیدیۆیانە چەند دانەیەك بن ئەوە سبەینێ ئەبنە دەیان هەزارو كاری خراپ تریشیان لێ دەوەشێتەوە و كۆمەڵگا پیس دەكەن.. گرنگە كەسانی بەپرس و چاودێران و شارەزایان لەبواری پەروەردەو دەرون ناسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەسەڵات، بەشێوەیەكی جدی زانستیانە لەم شێوە دیاردەیە بكۆڵنەوە چونكە چارەسەرنەكردن و نەدۆزینەوەی ڕێگا چارەی زانستیانە هۆكارێكە بۆ دروست بوونی دەیان هەزار

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-6-2007 16:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گرفتی کۆمەڵایەتی و خوێن ڕشتن و پیس بوونی کۆمەڵگا.. بەچاوی خۆمان دەبین ڕۆژانە ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانی ئەو شێوە ڕەفتارانە چ لەلایەن ئەو کۆمەڵگاوە کە داب و نەریت و یاساکانی دژ بەخواستە پاکەکانی ئەو کەسایەتیەوە و لەلایەکی ترەو گیرۆدەبوونی ئەو ئافرەتانە بەدەست ئەم شێوە دیاردە ناپاکانەی کە دەرهەق بەوان ئەنجام دەدرێت.. پێویستە هەموو پێکەو هەنگاو بنێین بۆ پاکردنەوەی کۆمەڵگا لەوانەی بە هەردوو شێوە دەیانەوێ لەگەندەڵی و ناشیرین بوونی وەگلێن و ئەو جوانی و پاکیە بێگەردەی لەبەردا بهێڵینەوە..

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت ژمارە219 لە بەرواری 04. 06. 2007 لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.